لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# ئەوەیە سەلەفیەت بیناسن

نووسینی
سمير المبحوح

وەرگێڕانی
عبد الوالي عبدالرحيم علي

پێداچوونەوەی
م.عبدالكريم محمد قادر
{پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی (الإيمان) لەسلێمانی}

1426هـ 2005ز

## پێشەکی نووسەر

إن الحمد لله نحمده و نستعينه ، و نستغفره، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ، و من يضلل فلاهادي لـه ، وأشـهد أن لاإلـه إلاّ الله وحـده لاشريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله – صلى الله عليه وسلم وعلى اله وصحبه وسلم تسليما كثيرا .

لەپاشان:

ئـەم نامیلکەیـە بـە کـورتی دەربـارەی سـەلەفیەت دەدوێـت لـە کتێبـی (**السلفية بـين العلـم النظـري والتطبيق العملـي**) کە دانـراوی خۆمـە ، بەشـێوەیەکی

کورت کراوە لێم دەرهێناوە ، داواکارم لە خوای گەورە ئاسان کاریم بۆ بکات لە بەجێگەیاندنی دا .

بـە لەبەرچـاوگرتنی گرنگـی ئـەم بابەتـە ، وە بـۆڕوون کردنـــەوە و دەرخـــستنی ڕاســـتی‌یـــەکان وە بـــۆ بەرچاوڕۆشـــن کردنـــی ئوومـــەت ئـــەم نامیلکەیـــەم ئامـادەکردو نـاوم نـا (**ئەوەیــە ســەلەفیەت بیناســن**) لەڕاســـتی‌دا قـــسەوباس زۆر دەکرێـــت دەربـــارەی سـەلەفیەت لـەم ڕۆژگـارەدا وە دەربـارەی هەڵوێـستی سەلەفیەکان لەبارەی هەندێك بابەتی مەنهەجی یەوە ، وەزۆربەی ئەوانەی کە لەم بارەیەوە قسە دەکەن بوون بەدوو بەشەوە . یان بەچاکە باسی سەلەفیەت دەکـەن یـــاخود بەخراپـــە بـــەهۆی جیـــاوازی مەبەســـتەکانی ڕەخنەگرتنـــەوە لەلایـــەن ڕەخنەگرانـــەوە ، هـــەروەها هۆکـــارێکی تـــر ئەوەیـــە کەســـەلەفیەت هێـــشتا ڕوون

نەبووەتەوە بۆ هەندێکیان لەبەرئەوە کۆمەڵێکیان خەریکن تانەو تەشەر لە سەلەفیەت دەدەن بەهۆی نەزانییانەوە دەربارەی سەلەفیەت و مەنهەجی سەلەفی ، وەکۆمەڵێکی تریان نەیان توانیوە بانگەوازی بۆ بکەن واتە بەخراپ خەڵکیان لێ حاڵی کردووە .

ئەمجا باسەکەم دەست پێدەکەم بەپشتیوانی خوای گەورە . بەدڵنیاییەوە بانگەشەی سەلەفیەت بریتیە **لەشوێن کەوتن و پەیوەست بوون بەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) بەتێگەیشتنی هاوەڵانی و شوێن کەوتوانی ئەوان هەتا ڕۆژی دوای .**

ئەوکەسانەی بانگەوازی بۆ دەکەن ئەو زانستە شەرعییەی هەیانە وەریان گرتووە لەپێشەوایانی بانگەشەی سەلەفیەت لە هەموو سەردەمێکدا ،

وەقوتــابی و پـــەروەردەکراوی دەســتی زانایــانێکی پەروەردەزان بوون . وە هەموو بانگەوازێك لەسەر ئـەو بنچینەیە دروست نـەبێت ئـەوە بانگـەوازێکی لادەرە و لای داوە لــە ڕێگــای ڕاســت و صــەواب ، بەئەنــدازەی وازهێنانی لەو بنچینە گرنگەی باسمان کرد، هـەر بۆیـە پـێم خـۆش بـوو کـە بەشـداری بکـەم لـەباس کردنـی بابــەتێکی ئــەوها هــەتا ئاشـکرای بکـەم ئــەوەی کــەوا بیروباوەڕم پێیەتی و بە صـەوابی دەزانم و بـۆ ئـەوەی هەنـدێك لـەو بابەتانـەی لای گـەلێك لـە برایـانی بـەڕێز نادیــارە ڕوون ببێتــەوە . وە وەڵامێــك بێــت بــۆ ئــەو پرسیارانەی بە بیروهۆشی زۆرێك لە گـەنجان دا دێـت ، هــەموو ئەمانــە بــەکورتی و پــوختی و هــەر کەســێك دەیــەوێت زیــاتر تێبگــات لــە هــەر بابــەتێك کەباســی دەکــەین پێویــستە لەســەری بگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو

سەرچاوانەی باسی سەلەفیەت دەکەن ، دڵنیام ڕاستی بـۆ دەردەکـەوێت بـە بەڵگـەکانی یـەوە لـەقوڕئان وسـوننەت وە لەووتـەکانی پێـشەوایانی سـەلەفی .
لـەکۆتای دا سوپاسـی خـوای گـەورە دەکـەین کـە گێڕاوینـی بەیـەکێك لـە قووتابیـانی ئـەم بانگـەوازە وە گێڕاوینی بە یەکێك لەوانەی کە بانگەشەی خـەڵکی بـۆ دەکـەن ، وە داواکـارم لـەخوای پـەروەردگار زیـاتر نیعمەت و مننەتی خۆیمان بەسەردا بڕژێنێ ، وە زیـاتر پابەنـدمان بکـات بەسـوننەتەوە و کـاری پێبکـەین و کۆتایمان هەر لەسەر سوننەت بهێنێت بەبێ ئەوەی لێی بگۆڕین یان شتی تازەی بۆ زیاد بکەین.

**و اخر دعوانا أن الحمد الله رب العالمين**

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين**

**نووسینی: سمير المبحوح**

## پێناسەی سەلەفیەت

لــە زمانــەوانیدا: ***إبـن منـضور*** دەڵێــت : (پێــشینە ئەوانەن کە پێش تۆ کەوتون لە باوباپیران و خزمان کە لەســەرو تــۆوەن لــە تەمــەن و ڕێــزدا بــە بەڵگــەی فــەرموودەی پێغەمبــەر (ﷺ) بـۆ کـچەکەی (**فاطمـة الزهراء**) (خوالێی ڕازی بێت) {**فإنـه نعـم الـسلف أنـا لك**} رواه مسلم (2450) .

واتە: بەڕاستی چاکترین پێشینەیەك بۆ تۆ منم یـاخود بەڕاستی من چاکترین پێشینەم بۆتۆ.

لەڕووی شەرعەوە: ***قلشانی*** دەڵێت: {پێـشینەی چـاك (**السلف الصالح**) بریتین لـە سـەدەی یەکـەم ، ئەوانـەی کە قووڵ بوونەتەوە لە زانستی شەرعیدا ، ئەوانەن کە هیدایــەت دراون بــەڕێنمونی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ)

کەپارێزگاریان کردووە لەسوننەت و لەسەری بەردەوام بوون ، وە خوای گەورە هەڵی بژاردوون و کردوونی بەهاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) و هەڵی بژاردوون بۆ بەڕێوەبردنی ئاینی ئیسلام ، وە ڕازی بووە لێیان و کردوونی بەپێشەوا بۆ گەلانی موسوڵمان وەتێ کۆشاون لەپێناوی خوای گەورە بەڕاستی ، خۆیان تەرخان کردووە بۆ ئامۆژگاری کردنی ئوومەت و سود گەیاندن پێیان وە خۆیان بەخت کردووە لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە . خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ﴾ التوبة:(100) .

**(والسابقون الأولون)** ئەوانەن کە پێش ئەم ئوممەتە کەوتن وە دەست پێش خەریان کردووە لە ئیمان

هێنان و کۆچ کردن لەبەر خوا بۆ مەدینە ، هەروەها تێکۆشاون و بەردەوام لەسەر ئەو ئاینە بوون کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوارەوە کە ئاینی ئیسلامە .
**(من المهاجرين)** ئەوانەن کە دەرکران لە ناو ماڵ و سامانیان وە بەتەمای چاکەی خوای گەورە بوون و ڕەزامەندی ئەویان دەویست وە مەبەستییان سەرخستنی دینی هەڵبژێری خواو پاشان پێغەمبەرەکەی بووە (ﷺ) . بەڕاستی ئەوانە ڕاستگۆن **(والأنصار)** وە لە پشتیوانان کە ئیمانیان هێناو لە دڵ و دەروونییان و ماڵەکانیاندا جێگیربوو ، وە ئەو کۆچ کردوانەیان خۆش دەویست کە دەهاتن بۆ لایان وەپێش خۆیانیان دەخستن ئەگەر لە شتێکیشدا بوایە کە تایبەتی خۆیان بووایە . **(والذين إتبعوهم**

**بإحسان)** ئەوانەش کە بەچاکی شوێن کەوتـەی ئـەوانن لە بیرو باوەڕو گووتارو کردەوەدا چونکە ئـەو پێـشینە چاکە لە هەموو زەم کردنیك ڕزگاریان بووەو ئەوپـەڕی ستایش کراون و باشـترین ڕێزیـان لیٚ گـیراوە لـە لایـەن خوای میهرەبانەوە . **(رضي الله عـنهم)** خـوای گـەورە ڕازی بووە لێیـان وە ئـەوەش گـەورەترین نیعمەتـە لـە بەهەشت دا .

**(ورضواعنه)** ئەوانیش بەو بەشە ڕازین کـە خـوا پـیٚی بەخشیون .

## لایەن گیری وخۆدانە پاڵ ڕێبـازی پێشین

(الإنتساب إلى مذهب السلف) :

پێغەمبەر ( ﷺ ) دەفەرمووێت: {**عليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين من بعدي تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ وإياكم ومحدثات الأمور**...**الحديث**} رواه أبوداود (4607) وابن ماجه (43,44) والبيهقي(20125) وصححه الألباني في الإرواء (2455) .

واتە: پەیوەست بن بە سوننەتەکەمەوە هەروەها بە سوننەتی جێنشینە هۆشیارو ژیرەکان کە هیدایەت دراون ، لەدوای خۆم ، بەچاکی پەیوەست بن پێوەی ، بەکاکیلەکانتان قەپاڵ بکەن بەو سوننەتەدا و بەری مەدەن وە ووریابن لە شتە داهێنراوەکان ، پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەست بوون باس دەکات بەسوننەتەکەیەوەو باسی سوننەتی جێنشینەکان

ناکـات چـونکە ئەگـەر لـە کارێـك دا پێـچەوانەی پێغەمبەریان کرد لێیان وەرناگیرێ .

***شیخ الإسلام إبن تیمیة:*** (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفـەرمووێت: {ئـەو کەسـەی کـە ڕێبـازی پێـشین دەردەخـات و نیـشانی دەدات عـەیب بـار نابێـت بـا لایـەنگیری ئـەو ڕێبـازەش بێـت بـەڵکو دەبێـت لێ ی قەبووڵ بکرێت بەیەك دەنگی و بەبێ جیـاوازی چـونکە بەدڵنییایـیـەوە تـەنها ڕێبـازو ڕێگـەی پێـشین لەسەرحەقە} .( الفتاوی 1\149 ) .

## سەلەفیەت و زانست و زانایانی ئیسلام

***إبن القیم:*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: {زانایان ئەوانەن کە شارەزای تەواویان هەیە لە ئاینی ئیسلام ، زانا ئەو کەسەیە کە فەتوادان لەسەر ووتەی ئەو وەستاوە ، واتە تەنها ئەوان دەتوانن فەتوا بدەن لە نێوان موسوڵمانان‌دا ، وە تایبەت مەندبوون لە هەڵێنجنان و تاوتویێ کردنی حوکمە شەرعیەکان ، وە هەستاون بەچاودێری کردنێکی تەواوی بنچینە و بنەماکانی حەڵاڵ و حەرام و پاراستویانە و زیاتر توندو تۆڵیان کردووە} .

ئەو نیشانەیەی کە زانای پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە مامۆستاکانی شایەتی ئەوەی بۆ بدەن کە خاوەن زانستی شەرعی یە و شارەزای هەیە بە بنەماکانی ئیسلام ، وە زانایانی ئیسلام لە پێشینەی ئەم

ئوممەتە وە شوێن کەوتوانیان بە چاکە ، دابونەریتیان وابووە کە ئەو زانستە بەسودەی لایان بووە لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە بۆ قوتابییەکانیان وەکو میراتێک . چونکە ئەو قوتابیانە لە دوای خۆیان جێگەی ئەوان دەگرنەوە و دەبنە ڕابەرو پێشەوا لەناو ئوممەتدا . وە هەرگیز قوتابی یەکانیان هەڵنەساون بە بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی و فەتوادان هەتاکو ڕازی بوون و ڕێپێدانی مامۆستاکانیان وەرنەگرن ، کەواتە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە لێیانەوە فێری زانستی شەرعی ببن چونکە فێربوونی ئەو زانستانە تەنها لەڕێی خوێندنەوەی نووسراو کتێبەوە سودێکی ئەوتۆی نییە بەڵکو ئەگەر بەتەنها بوار تەسک بکرێتەوە بەوەی کە زانستی شەرعی لە کتێب و نووسراوەکانەوە وەربگیرێت خۆی بۆ خۆی بەڵایەکە لە

بەڵاکان ، وەبەهەمان شێوە کۆمەڵ بوونی گەنجان و قوتابیانی زانستی شەرعی لەسەر خوێندنەوە و دراسەکردنی کتێب و دوورکەوتنەوە لە فێربوونی زانستە شەرعی‌یەکان لە مامۆستایان بەلایەکی ترە . سەلەفیەکان زانایانی ئاینییان خۆش دەوێت و بەچاوی ڕێزەوە تەماشایان دەکەن وە بەڕەوشتن لەگەڵیان داو پشتگیریان لێدەکەن و گومانی باشەیان پێدەبەن و زانستی شەرعیان لێوە فێردەبن وە کارە چاك و سوپاس کراوەکانیان لەناو خەڵکی‌دا بلاو دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا پێیان وایە کە ئەوانیش مرۆڤن و پارێزراو نین لە هەڵە کردن (**غیرمعصومین**) . بەڵکو دەگونجیّ بکەونە هەڵەو تاوانەوە و هەروەها تووشی لەبیرچوونەوە دەبن . بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەمە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێزدارییان ، وە دروست نی

یە بۆ هیچ کەس کەواز بهێنێت لە فێربوون و وەرگرتنی زانستەکان لێیانەوە.

## سەلەفیەت و فەتوادان

وەك شـوێن پێهـەڵگرتن و شـوێن کـەوتنی هاوەڵـە بەڕێزەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کـە خۆیـان زۆر ئەپاراسـت لەفەتوادان بەهۆی ئەوەی کە دەیان زانـی کـە چـەندە ترسـناکە قـسەکردن بـەناوی خـوای گـەورەوە بـەبێ هەبوونی زانست ، چونکە خۆپاراستنی ئەوان بۆ ئـەوە بوو کە سەلامەت و پارێزراوبن لە تووڕەی خوای گەورە چونکە قسەکردن بـەناوی خـواوە بەنـەبوونی زانـستی شەرعی تاوانێکی گەورەیە .

## سەلەفیەت وکۆشش کردن

**(الإجتهاد):**

کۆشـــشکردن نیعمەتێکــە لــە نیعمەتــەکانی خــوای پــەروەردگار بەســەر موســولمانانەوە چــونکە ئاســان کــاریـیــەکــە بۆیــان لــە ڕوون کردنــەوەی حوکمــە شەرعییەکان لە بارەی ئەو بابەتە هاوچەرخ و تازانەی کە هیچ ئایەت و فەرموودەیەك دەربارەی نـەهاتووە . هەر بۆیە زانای ئاینی هەڵدەسێت بە فـەتوادان بەسـەر ئەو بابەتەدا بەپێی کۆشش کردنەکـەی . وە دەرگـای کۆشش و تەقەلادان هەر بـەکراوەی دەمێنێتـەوە هـەتا ڕۆژی دوای بۆ ئـەو کەسانەی کـە خـوای گـەورە بـۆی ئاسان کردون هـەروەکو پێغەمبـەر(ﷺ) دەفـەرموێت:

**{إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من**

**یجـــدد لهـــا دینهـــا**} الحـديث صـحيح أخرجـه أبـوداود (4291) والحاكم (8592) والبيهقى .

واتە: بەدڵنییایەوە خوای پەروەردگار هەموو سەری سەد ساڵێك كەسێك دەنێرێت كە ئاینی ئیسلامی پێ نوێ دەكاتەوە بەوەی دای دەماڵێ لە هەموو كوفرو شیرك و بیدعە و خورافەتێك و پاكی دەكاتەوەو ئەوەی كە مرێنراوە لە سوننەت زیندووی دەكاتەوەو دەیگێڕێتەوە بۆ سەر ئەصلە پاكەكەی و ئەو كەسە دەبێت بە پێشەوایەك بۆ موسوڵمانان .

## سەلەفیەت و لاسای كردنەوە

(التقلید):

بە دڵنیایەوە ڕێچكەو شێوازی پێشەوایەك لە پێشەوایانی پێشین یان ووتەو قسەی ، بە ئاینێك

دانانرێت بۆ ئوممەت ، وە بەڕێبازێك بۆ ئـەم ئوممتـە دانانرێت مەگەر ئەوەی کە بەڵگە هـەبێت لـە قورئـان و سـوننەت لەسـەر ووتـەی ئـەو پێشەوایە یـان کـۆڕای زانایانی ئیسلامی لەسەر بێت .

***إبـن القـیم:*** (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرموێت: {دروسـت نـیـیـە فـەتوادان بـە گـوێرەی چـاولێکەری ، چونکەچاولێکردن بەزانست دانانرێت ، وە فەتوادانیش بە نەبونی زانستی شەرعی حەرامـە ، وە هـیچ جیـاوازیـیـەك نییە لە نێوان خەڵکیدا[1] .

کـە لاسـایی کردنـەوەو چـاولێکەری بەزانـست حـسێب ناکرێـت وە کەسـی چـاولێکەر ناوبـانگی زانـای پـێ نادرێت، واتە بەزانا لەقەڵەم نادرێت} .

---

[1] مەبەستی (إبن القیم) لە ووشەی (خەڵك) زانایانی ئاینی ئەم ئوممەتە دەگرێتـەوە . واللهاعلم .

## سەلەفیەت و ڕەوشتە بەرزەکان

سەلەفیەکان لە هەموو خەڵك ڕەوشتیان جوانترەو لە هەموو کەس زیاتر پشوو درێژو لەسەر خۆن و سادەو ساکارن . وە زۆر سورن لەسەر بانگەواز کردن بۆ ڕەوشتە بەرزەکان و کردەوەی چاك هەر لە ڕووگەشی و بڵاوکردنەوەی سڵاوی موسوڵمانانە لە نێوان یەکتریدا و خواردن پێدان بە هەژاران و قوت دانەوەو دەرنەبڕینی توڕەی و ئازارنەدانی خەڵکی و ئارام گرتن لەسەر ناڕەحەتی و ئازاری خەڵکی و هەوڵ دان و کۆشش کردن بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستی موسوڵمانان ، وە تکاکردن لە بۆ خەڵکی ئەگەر توانا و شوێنێکی دیاری کراویان هەبوو لە ناو کۆمەڵگەدا ، هەروەها بەسۆزی لەگەڵ هەژاران و خۆش ویستنی دراوسێ و خزمان ، نەرم و نیانی نواندن و هاوکاری

کردنیان ، چاکەو ڕێزگرتن لـە دایـك و بـاوك و زانایـانی ئاینی ، وە ڕاخستنی باڵی ڕەحمەت ومیهرەبانی بۆیان.

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: {**وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ**} القلم (4) .

واتـە: تـۆ ئـەی محمـد (ﷺ) خـاوەن ڕەوشـتی بـەرزو جـوانی ، وە بــەرزو بڵنــدی بەهۆیــەوە ، وە بــەڕێزو گـەورەی بـەو ڕەوشـتەی کـە خـوای گـەورە مننـەتی کردووە بەسەرتداو بەخشیویەتی پێت . وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: {**أثقل شئ في الميزان الخلق الحسن**} صحيح رواه أبـوداود(4799) وترمـذي(2071) وإبن حبان(481) وإمام احمد .

واتــە: قورســترین شــتێك لــە تــەرازووی كێــشانی کردەوەکانی بەنـدەدا ، بریتییـە لـە ڕەوشـتی جـوان و چاك.

## سەلەفیەت و ئەو هەواڵانەی کەبڵاو دەبێتەوە

وەك دەست پێكێك لەو فەرمانەی خوای گەورە كە دەفەرمویت{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ} الحجرات (6) .

ئەمەش یەكێە لەو ڕەوشتانەی كە پێویستە لەسەر كەسانی خاوەن باوەڕو ژیر خۆیانی پێ برازێننەوەو بەكردەوە جێبەجێی بكەن ئەویش ئەوەیە كە كاتێك كەسێكی فاسق[2] ، هەواڵێكی پێ ڕاگەیاندین لێی دڵنیابین و بەدوایدا بچین و هەر یەكسەر لێی وەرنەگرین لەبەر ئەوەی تووشی پەشیمانی نەبین ، بەڵكو ئەوەی كە پێویستە لە كاتی بیستنی هەواڵی

---

[2] فاسق: بەو كەسە دەوترێت كە لە هەندێك لە فەرمانەكانی خوا دەرچووەو تاوان ئەنجام دەدات بە ئاشكراو تەوبەی لێ ناكات .

کەسێکی فاسق ئەوەیە بەدوادا چونی بۆ بکرێت و ڕوون بکرێتەوە ئەگەر بەڵگە هەبوو لەسەر ڕاستێتی ئەوا لێی وەر دەگیرێ وە ئەگەر بەڵگە لەسەر بەدرۆ خستنەوەی ئەو هەواڵە هەبوو ئەوا وەری ناگرین  ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەواڵی کەسی ڕاست گۆ وەردەگیرێت و هی کەسی درۆزن ڕەت دەکرێتەوە و هی فاسق ڕادەوەستین لەسەری ، هەر لەبەر ئەمەشە پێشین فەرموودەیان لە خەواریجەوە ڕیوایەت دەکرد ئەگەر ئەو کەسە ناسراو بووایە بە ڕاستگۆی ئەگەر فاسقیش بوایە. بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کەهەر زوو بڕیاری خۆیان دەردەکەن ، حەزدەکەن و پەلە دەکەن لەتۆمەت دانە پاڵ خەڵکی . وە بەخەڵکی دەڵێن فلانە کەس فاسقەو فلان بیدعەچی‌یەو خەڵك

كـافر دەكـەن بــە بوختـان و گومـان بـە بـێ ئـەوەی بەڵگەیەكیان بەدەستەوە بێت یان ڕوون كردنەوەیەك.

## سەلەفیەت وحوكم دان بەبێ باوەڕی

**(التكفير):**

سەلەفیەكان بەشێوەیەكی گشت گیری بابەتی **(التكفير)** قەدەغـە ناكـەن ، وە كـەس بـە تـاوان كافرناكـەن وە ناشڵێن حوكم دان بـەبێ بـاوەڕی كەسـێكی دیـاری كـراو كارێكی ئەستەمەو نەیان وتووە بابـەتی تـەكفیر شـتێكی ئاسای و بڵاوەو هەر كەسێك بیەوێت خەڵك بەكافر دانێت ئاسای یە بۆی ( واتە بەكافر دانانی كۆمەڵێك خەڵك بەبێ ئەوەی مەرجەكانی بەكافر بوونیـان تـێ دا بێـت و بـەبێ ئـەوەی ئـەو هۆكارانـەی كـە ڕێگـری دەكـەن لـەبڕیاردان بەســەریان دا بەتــەواوەتی زانــراو بێــت ). وە بــەهیچ

شێوەیەك دوودڵ نین لەوەی بە كەسێك بڵێن موسولمان مادەم ڕووكاری دەرەوەی سیمای موسولمانی پێوەدیارە ، ئەگەر كەسێك كارێك ئەنجام بدات یان وتەیەك بڵێ كە ببێتە هۆی كافر بوونی وە هەموو مەرجەكانی تێدا كۆبووبێتەوەو هۆكارەكانی ڕێگیری بوون لە بڕیاردان بەسەریدا ڕەویبێتەوە[3] ئەوا سەلەفییەكان هەرگیز ناترسن وخۆیان نادزنەوە لەوەی كە بڵێن ئەو كەسە بێ باوەڕە.

---

(3) ئەویش ئەوەیە ئەو كارەی یان ئەو وتەیەی كە ئەو كەسە ئەنجامی دەدات خۆی بۆخۆی كوفربێت . وە ئەوكەسەش كە ئەنجامی دەدات بزانێت كە ئەوە كوفرەو كەسێكی ژیرو عاقڵ بێت واتە شێت نەبێت یاخود نەزان (جاهل) نەبێت وحەقیقەتی= ئیسلام و هەڵوەشێنەرەوەكانی نەزانێ وە هەروەها لەحاڵەتی توڕەبونێكی زۆردا نەبێت وە یاخود سەرخۆش نەبێت (سكران) یاخود لێكدانەوەی زانایەكی تری بەدەستەوە نەبێ لەكردنی ئەو ئیشە كەلای ئەو زانایە ئەو كارە بەكوفر دانانرێت چونكە ئەمانە هەمووی ڕێگرن لەسەر بڕیاردان بەسەر ئەو كەسەدا بەوەی كە بێباوەڕە (كافرە).

## سەلەفیەت و فەرمان ڕەوا

سـەلەفیەکان پەیوەسـتن بەحەقـەوە ، وە هەمیـشە هـەڵس وکـەوتیان کـردووە لەگـەڵ دەسـەڵات دارانـدا بـەگوێرەی ڕێنومـای یـەکانی دەقـە شـەرعییـەکان .
سەلەفییەکان بـە ئـەرکێکی ئـاینی دەزانـن گوێڕایـەڵی کـردن و ملـدان بـۆ لێپرسـراوان لـە کـاتی دڵ خۆشـی وچـست و چـالاکی و لـەکاتی غـەمباری و ناڕەحـەتی و هەروەها لە کاتی تەنگانەو لە حاڵەتی ئاسای وخۆشـی دا، وە لە مافی خۆیـان خـۆش دەبـن ئەگـەر کەسێکی ناشـیاو دانـرا بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وولات وە هەمیشە گوێڕایەڵن بۆ دەسـەلات داران ئەگـەر فـەرمان بەخراپـەو تـاوان نەکـەن چـونکە گوێڕایـەڵی کـردن بـۆ دروسـت کراوەکـانی خـوا دروسـت نـییـە لەسەرپێـچی کردنی ئەوخوایـەی کـە هـەمووماني دروسـت کـردووە.

بـەڵام مـل کەچـی و بـەگوێ کـردن لـە فـەرمان کـردن بەچاکە دەبێت وکارێکی پێویستە . هەروەها سـەلەفی یـەکان بیروباوەڕیـان وایـە کـە دەبێـت ئامۆژگـاری دەسـەڵات داران بکرێـت و هاریکاریـان بکرێـت لەسـەر خێـرو چـاکەو تـەقوا [4] ئەگـەر کـەم تەرخەمیـشیان هەبێت لە جێبەجێ کردنی مافی خواو مافی مرۆڤەکان و هەندێك تاوانیـان هـەبوو . هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە سەلەفی‌یەکان بـەکارێکی ڕەوای دەزانـن ئـەنجام دانـی نوێـژی جومعــەو نوێــژی بەکۆمــەڵ واتــە هــەر پێــنج نوێژەکـە لـە مزگەوتـدا و هـەروەها نوێـژی جەژنـەکان لەگەڵیانداو باوەڕیـان وایـە تێکۆشـان لەڕێگـەی خـوادا **(الجهاد في سبيل الله)** بەردەوامـە هـەتا ڕۆژی قیامـەت

---

(4) تەقوا:بریتی‌یە لەجێبـەجێ کردنـی فەرمانـەکانی خـوای گـەورە و دورکەوتنـەوە لـە قەدەغە کراوەکانی.

لەگــەڵ هــەموو کاربەدەســتێکدا چــاك بێــت یــان موسوڵمانێکی تاوان باربێت ، وە پاشان سەلەفیەکان سەرپێچی دەسـەڵات داران ناکـەن و واز لـە گوێڕایـەڵی کردنیـان نـاهێنن و هـەرگیز مـل ملانـێ و سەرکەشـی ناکەن لەگەڵ خاوەن دەسەڵات و کورسی لەبەر خاتری پلــەو پایــە و دەســەڵات . هــەروەها باوەڕیــان بــە دەرچوون و یاخیبوون لە فەرمانی پێشەوایانی زاڵم و ستەم کار نیەو ، ئەگەر پێشەوا دادپەروەر بێت ئـەوا هەرگیز لە فەرمانی دەرناچن و دژایەتی ناکەن ، مەگەر ئەوەی کە کـوفرێکی ئاشـکرای لێببیـنن کـە بەڵگـەیان بەدەستەوە بێت لەسەر کافربوونی ئەو کەسە لەلایـەن خوای گەورە ، ئەوا هەوڵ دەدەن کـەلای بـەرن ئەگـەر توانــای گۆڕانکاریــان هــەبوو ،وە دەبێــت لــە کــاتی دەرچـوون لـە فـەرمانی و هـەوڵ دان بـۆ لابردنـی ئـەو

حاكمـە خراپـە زیـانی گـەورە نەكەوێتـەوە ، پاشـان سەلەفی یەكان زۆر دوورن بەڵكو دوورتـرین كەسـن لـە پیاهەڵدانی درۆزنانەو ڕۆچـوون و زێـدەڕەوی كردنێكـی لەناوبەرانــە كــە دەبێتــە هــۆی شــانازی كــردن و خۆبەگـەورەزانین لــە لایـەن دەسـەڵات دارو خـاوەن كورسی یەوە ، كە خەڵكانێكی زۆر خەریكی ئەو جۆرە فڕوفێڵانەن لەلای فەرمان ڕەوا بۆدەست كەوتنی پارەو پـول . وە سـەلەفی‌یـەكان ڕازی نـابن بـە فێـڵ و تەڵەكـەبازی لـە ئـاینی ئیسلامداو ، وە لـە جێبـەجێ كردنی فەرمانەكانی خوا لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسن .

## سەلەفیەت و دۆستایەتی و دوژمنایەتی

**(الولاء والبراء) :**

سەلەفی‌یەکان دۆستایەتی دەبەستن لەسەر بنچینەی ئاینی ئیسلام ، کەواتە مەبەستیان سەرخستنی خۆیان نی‌یەو توڕەش نابن لە کاتێك دا کە بەرژەوەندی یەکانیان جێبەجێ ناکرێت بەلاَم دۆستایەتی و خۆشەویستییان لەبەر خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) هەروەها دۆستایەتیان بۆ موسولمآنانەو ڕق لێبوون و بەری بوونیان لەبەر خوای گەورەیە و هەڵوێستەکانیان جێگیرە و ناگۆڕێ و شتی تر جی‌ی ناگرێتەوە . خوای گەورە دەفەرموێت : {إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ} المائدة (55) .

کاتێك خوای گەورە قەدەغەی کرد دۆستایەتی بۆ کافرەکان لە جولەکەو گاورو غەیری ئەوانیش ، وە باسی سەر ئەنجامی دۆستایەتی کردنی ئەوانی کرد

بـەوەی کـە زەرەرەومەنـدیـە ، ڕایدەگەیـەنێ کـە پێویستە دۆستایەتی و دڵسۆزیمان بۆ کێ هـەبێت وە باسی سوودو چاکەی ئەوە دەکات و دەفەرمووێت (**إنما ولـيكم الله ورسـوله**) تـەنها دۆسـت و خۆشەویـستتان خواو پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) وە بزانن کە دۆستایەتی خوای گەورە بەدەست دێت بە ئیمان هێنان و تـەقوای خوای گەورە. هەرکەسێك ئیماندارو بە تـەقوابێت ئـەوا دۆسـتی خوایـەو دۆسـتی خـواش دۆسـتی پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) ئـەم دۆسـتایەتی‌یـەش بـەوە تەواو دەبێت کە دڵسۆزی و خۆشەویستیمان هەبێت بۆ خۆشەویستانی خواو پێغەمبەر (ﷺ) کە ئیمان دارانن.

***شيخ الإسلام إبـن تيميـة :*** (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفەرموێت: {بۆ هیچ کەسێك نی‌یە کە کەسایەتی‌یـەك

دروست بکات بۆ ئەم ئوممەتەو بانگەشە بکات بۆ ڕێگاو ڕێبازەکەی وە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر بنچینەی ڕێبازی ئەو کەسە بکات . تەنها پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) وە ووتەی هیچ کەسێك ناکرێت بەپێوەر بۆ ئەوەی لەسەری دۆستایەتی بکرێت یان دوژمنایەتی ، تەنها ووتەی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی نەبێت (ﷺ) وە ئەوەشی کە ئوممەت[5] لەسەری کۆکن و یەك ڕان بەڵکو ئەو جۆرە کارانە لە پیشەو کاری ئەهلی بیدەعەو ئەوان هەڵدەسن بە دانانی کەسێك یان ووتەیەك کە دووبەرەکی پێدەخەنە نێوان ئوممەتەوەو لەسەر ئەو ووتەیە دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەکەن} .

---

[5] مەبەستی شیخ الإسلام إبن تیمیة لە ووشەی (ئوممەت) هاوەڵانی پێغەمبەرو شوێن کەوتوانی ئەوان دەگرێتەوە بەچاکە والله أعلم .

وە موسولمانان پێویستیان بە بەڵێن نامەیەك نىیە كە بنوسرێ یان بەڵگە نامەیەك كە مۆر بكرێت یان پێڕەوێك كەئەم بیروباوەڕەی تیا بنوسرێ جگە لەقورئان وسوننەت ، كەواتە ئیش كردن لە ئیسلامدا كارگەیەك نىیە یان دامەزراوەیەك یان كۆمەڵەیەك یان لیژنەیەك نىیە خەڵكی چاوەڕوانی ڕێ پێدان بكەن لە چوونە ناویدا یان چاوەڕێی قایل بوون بكەن بۆ ئەوەی یەكێك بن لە بەكارهێنەكانی ، وە هیچ پێویستی بە پێناسی بە ئەندام بوون نىیە یان خۆدانەپاڵ و دۆستایەتی بۆ ناو دروشم و ئاڵای كەس نىیە . بۆ هیچ موسولمانێك دروست نىیە پشتیوانی و دڵسۆزایەتی و دۆستایەتی تایبەت بكات بە دەستە و كۆمەڵێك یان دوژمنایەتی بكات لەسەریان وە وابزانێ كەحەق تەنها ئەوەیە كە لەلایەن ئەو كۆمەڵەیەوە

دەوتـرێ وە غـەیری ئـەو دەسـتەو کۆمەڵەیـە لەسـەر بەتاڵ و شتی پڕوپوچن .

## سەلەفیەت و کارە داهێنراوەکان

**(البدعة):**

سەلەفی‌یەکان لەهەموو خەڵك پارێزراوترن لەوەی

کە بکەونە بیدعەوە[6] وە دوورن لەوەی کە هاوەڵ پەیداکردن (الشرك) بڕیار بدەن بۆ خوای گەورە ، بەڵام تاوان چ گەورەبێت یان بچوك بە دڵنیاییەوە هەندێك لە سەلەفی‌یەکان ئەنجامی دەدەن بەڵام بە بەراورد کردن لەگەڵ غەیری سەلەفی یەکان ئەنجام دانی تاوان بەگەورە و بچووکەوە زۆر کەمە لایان لەوانەیە یەکێك بەدی بکەیت کەهەڵە دەکات لە بابەتێکدا یان تاوانێك لە تاوانەکان ئەنجام دەدات ئەوە پێی ناوترێ کەسێکی بیدعەچی یە بەڵکوپێی

---

[6] **الإمام الشاطبي** دەفەرموێت: { ئەصلی بڕگەی (البدع) بۆ کارێکی داهێنراوە بەشێوەیەکی جیاواز لە هاوشێوەکانی لەوەوپێشی ، وە دەوترێ: (إبتدع فلان بدعە) واتە دانانی ڕێگەو شێوەیەك کە پێشتر کەس ئەو کارەی نەکردووە}کەواتە (بدعە) بریتی‌یە لە زیادکردن لە ئاینی ئیسلام بە ئەنجام دانی کردەوەیەك یان ووتەیەك کەبەڵگەی لەسەر نەبێت لە قورئان و سوننەت ، وە پێشینەی ئەم ئوممەتە نەی کردووە.

دەوترێت تاوان بارە یان فاسقە ، وە کاتێك مرۆڤێك دەکەوێتە بیدعەیەکەوە واتە کارێکی بیدعی ئەنجام دەدات بەهۆی لێ تێك چوون و سەرلێ شێوانەوە کە هۆکارەکەی نەزانین بێت یان لێك دانەوەیەك **(التأویل)** بێت ئەوا پێی دەوترێت کەسێکە کەوتووەتە ناو بیدعەوە وە پێی ناڵێین بیدعەچیە . بەڵام هەرکەسێك بیدعەیەك بکات (واتە کارێك بهێنێتە ناو ئاینی ئیسلامەوە کە بەڵگەی قورئان و سوننەتی لەسەر نەبێت) بە ئەنقەست وە بۆی سەلمێنرا کە ئەوەی ئەو دەیکات زیادەو داهێنراوە و ئەو گومانەی کە هەیەتی بۆی ڕەوێنرایەوە وە هەر بەردەوام سووربوو لەسەری و ، وەڕۆچوو لەناو ئەوکارە زیادو داهێنراوەدا ، وە زاڵ بوو بەسەریدا ، ئەوا بەوکەسە دەوترێت یەکێکە لە ئەهلی بیدەع .

***شـێخ صـالح الفـوزان*** (خـوای گـەورە بیپارێزێـت) دەفـەرموێت: {ئەگـەر کەسـێك هەڵەیـەکی ئـەنجامدا بەهۆی لێك دانەوەیەکی هەڵەوە چونکە ، لێك دانـەوە **(تأویل)** وەکو گومان **(شبهة)** وایە هەر بۆیە حوکم دان بەسـەر ئـەو کەسـەدا بـەوەی کـە بیدعـە چـیـە وەلادەنرێـت ، چـونکە ئـەو کەسـە وا دەزانێـت ئـەو لێکدانەوەیەی کارێکی ئاساییەو ئاسانە یاخود لەوانەیە چـاولێکەری یـەکێکی کردبێـت کـەوا دەزانێـت لەسـەر حەقە ، ئەم جۆرە کەسانەی باسمان کرد ئـەوەی کـە شایستەی ئەوەیە کە پێیان بوترێت ئەوەیـە کـە بڵـێین کەسانێکن لە هەڵەدان یان سەرپێـچیان کـردووە ، وە پێیان ناوترێت بیدعەچی} هـەروەها وازهێنـان و دوور

کەوتنەوە (هجر) لە کەسێکی بیدعەچی دروست نیەیە تەنها بۆ دوو مەبەست نەبێت:

1.بۆ تەمێ کردنی کەسی بیدعەچی و قەدەغەکردنی هاوشێوەی ئەو بۆ ئەوەی بیدعە نەکەن.

2.یان لە ترسی ڕوودانی زەرەرو فیتنەو ئاژاوە بەهۆی دانیشتن و نزیك بونەوە لێی.

***شیخ الإسلام إبن تیمیة*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: {ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە وازی لێ هێنراوەو هەجر کراوە ، وە غەیری ئەویش ، چاك و تەمێ نابێت و واز لە خراپە ناهێنێت بەڵکو خراپەی زیاتربوو ، وە ئەوکەسەی کە هەجرەکە[7] بەکار دەهێنێت لاواز بوو وە بێ دەسەڵات بوو بەشێوەیەك

---

[7] بۆزانینی واتای هەجر بگەڕێرەوە بۆ ئەو دوو خاڵەی باسمان کرد.

هەجرەکەی زیانی زیاتر بوو لە چاکەکەی ئەوا ئەو دوور کەوتنەوەو واز لێهێنانەی دروست نییە بەڵکو هەندێك جار دڵدانەوەو نزیك بوونەوە لە هەندێك خەڵك سودی زیاترە لە وازهێنان لێی ، هەر لەبەر ئەمەشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك کات نەرم ونیان بوو لەگەڵ قەومێك و وازی لە هەندێکی تردەهێنا}.

## سەلەفیەت وحزبایەتی

سەلەفی یەکان باوەڕیان وایە کە حزبایەتی دەردێکی گەورەیە و بەڵایەکی بڵاوەبووە ، وە بەڵاو ناڕەحەتی یە بۆ سەر خاوەنەکانی لە دونیاو دوارۆژدا ، چونکە حزبایەتی جیاوازی و دووبەرەکی خستە ناو کۆمەڵگە ، بەڵکو جیاوازی خستە ناو یەك خێزانەوە ، وە حزبایەتی لە پیشەی هاوەڵ پەیداکەرەکانە و خوای

گـــەورە لـــەم ئایەتـــەدا وەك ئاگادارکردنەوەیـــەك دەفـەرموێت: {**وَلَـا تَكُونُـوا مِـنَ الْمُشْرِكِينَ * مِـنَ الَّـذِينَ فَرَّقُـوا دِينَـهُمْ وَكَـانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَـا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ**} الروم (31-32) .

وەکـو هــاوەڵ پەیداکـەرەکان مـەبن چـونکە هــاوەڵ پەیداکردن دژی ئەو پاشـگەزبونەوەو گەڕانەوەیـە بـۆ لای خوا کە ناوەڕۆکەکەی نیاز پاکێتییە لە هەموو ڕووەکانی یەوە . (**من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعاً كل حزب بما لديهم فرحـون**) . پاشان خوای گەورە باسی حاڵی هـاوەڵ پەیداکـەرەکان دەکـات بـە سەرزەنـشتەوە کـە بوونەتە هۆی پارچە پارچە کردنـی دینەکـەیان لەگـەڵ ئەوەی کە دین یەك دینەو ئەویش عیبـادەت کردنـە بـۆ خـوای گـەورەو بـە تـەنها پەرسـتنی ، بـەڵام هـاوەڵ پەیداکەرەکان تیایاندا هەیە بت ئەپەرستێ یـاخود ڕۆژ

یـاخود مـانگ یـان پیاوچـاکان و دۆسـتانی خـوا ، وە هەیانـە گـاورە یـاخود جولەکـە بۆیـە خـوای گـەورە دەفــەرموێت : (**وكــانوا شــيعاً**) هــەر دەســتەو بوونــە بەرەیەك و دەمارگیر بـوون بـۆ ئـەو بـەرەو کۆمەڵەیـەو هــەوڵی سەرخـستنی ئـەو بـەتاڵ و شـتە پڕوپوچـەیان دەدا کـە هــەیان بـوو ، وە دژایــەتی خــەڵکانی تریــان پێدەکرد . (**كل حزب بما لديهم**) هەر بەرەیەك لەوەی کـە پێیــەتی لــەو زانــستەی کـە پێـچەوانەی زانـستی پێغەمبەرانە (**عليهم السلام**) ، (**فرحون**) دڵ خۆشـن و بڕیـار بـۆ خۆیـان دەدەن کـە ئـەوە حەقــەو غــەیری ئــەوانیش لەســەر بەتاڵــە ، هــەروەها لــەم ئایەتــەدا ئاگادارکردنەوەیـەك هەیـە بۆ موسـوڵمانان کـە نەبنـە چەند دەستەو کۆمەڵێك هـەر کۆمەڵـەو دەمـارگیر بێـت

لەسەر ئەوەی کە لە لایەتی ئەگەر حەق بێت یان بەتاڵ، چونکە بەم کارەیان دەبنە لێکچوی هاوەڵ پەیداکەرەکان لە پارچە پارچە کردنی ئایندا ، بەڵکو ئاینی ئیسلام یەك ئاینەو یەك پێغەمبەرمان هەیە(ﷺ) وە یەك پەرستراویشمان هەیە بەحەق کە (الله) یە . هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعاً لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ} الأنعام (159) .

خوای گەورە هەڕەشە دەکات لەوانەی کە ئاینەکەیان پارچەپارچە کردووە ، بەوەی هەر کەسەو بەشێك بۆ خۆی بەرێت لەو ناوو دینانەی کەهیچ سوودێك بە مرۆڤ ناگەیەنێت لە بەرامبەر ئاینە ڕاستەقینەکەی کە

ئـــاینی ئیـــسلامە وەك جولەکایـــەتی ، گاورایـــەتی و ئاگرپەرستی...

وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاینی ئیسلام فەرمان دەکات بە کۆبونەوەو یەکگرتن ، وە لێك ترازان و جیابونـەوە قەدەغـە دەکـات بـە تونـدترین شـێوەی قەدەغـەکردن لـە هـەموو بابەتـە بنـچینەی و لاوەکـی-یەکانـدا ، وە فـــەرمانی بەپێغەمبـــەر کـــردووە (ﷺ) کەحاشای خۆی بکات لەوانەی کە ئاینی ئیسلام پارچە پارچە دەکەن و دەفەرموێت: (**لست منهم في شئ**) تـۆ لەوان نیت و ئەوانیش لـە تـۆنین چـونکە سەرپێـچییان کردوویت و ئینکارییان کردوویت ، (**إنما أمـرهم إلى الله**) پاشان دەگەڕێنەوە بـۆ لای خـواو حـسابیان لای ئـەوە وە پاداشتیان دەداتەوە بەگوێرەی کردەوەکانیان (ثم

**ینبئهم بما كانوا یفعلون)** پاشان هەواڵیان دەداتێ بەوەی کە کردوویانە .

وە باش بزانن ئەو دەستەو حزبانەی کە ئێستا هەن لە ساحەکەدا ئاینی ئیسلام دانی پێدا نانێت و ڕازی نیە پێی ، وە بەتوندترین شێوە قەدەغەی دەکات ، وە حزبایەتی کارو فرتوفێڵی شەیتانەکانە لە جنۆکەو ئینسان بۆ لە خشتەبردنی ئەم ئوممەتە . ئەگینا ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەرهەموومان کۆببینەوەو یەك بگرین لەسەر بیروباوەڕێکی یەکتاپەرستی و یەك گەل و نەتەوەبین ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: **{إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ}** الانبیاء(92) خوای گەورە پێش ئەم ئایەتە باسی پێغەمبەران دەکات (علیهم السلام) وە بەخەڵکی ڕادەگەیەنێ **(إن هذه أمتكم أمة واحدة)** . واتە ئەو پێغەمبەرانەی کە

باسمـــان کـــردوون ئەوانـــە گـــەل وپێـــشەوای ئێـــوەن پێویستە شوێن ئەوان بکەون و شوێن هیدایەتی ئـەوان بکەون چونکە هـەموویان لەسـەر یـەك ئـاینن و لەسـەر یـەك ڕێگـاو ڕێبـازن و پەروەردگارەکەشـیان هەریـەك پـەروەردگارە هـەر بۆیـە دەفـەرموێت (أنـا ربکـم) مـن پـــەروەردگارتانم ، دروســـتم کـــردوون و پـــەروەردەم کردوون بەنیعمەتەکانم ، نیعمەتی دین و دونیا . ئەگەر پـــەروەردگار یـــەکێك بێـــت و بەهـــەمان شـــێوە پێغەمبەر(ﷺ) و ئاینیش یەکێك بێت کـە بریتـیـیـە لـە پەرستنی خوای گەورە بەتەنهاو هاوەڵ پەیدا نـەکردن بۆی لە هەموو عیبادەتەکانـدا ، کەواتـە پیشەو کـاری موسولمان بریتـیـیـە لـە (فاعبـدون) پەرسـتنی خـوای گـەورە . هـەروەها خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت:

{وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ} آل العمران (103) .

خـوای گـەورە لـەم ئایەتـەدا هـانی بەنـدە ئیمـان دارەکـانی دەدات کـە هەسـتن بـە سـوپاس کردنـی نیعمەتە گەورەکانی بەوەی کە تەقوای خوایان هـەبێت و گوێڕایەڵی بکەن و واز لەسەر پێچی کردنی بهێنن ، وە عیبادەتی بۆ ئەنجام بدەن بە پاکی و ئاینەکەیان بـە پـاکی و بـە چـاکی ڕابگـرن وە پەیوەسـت بـن بـە پەیمانی خوای گەورە (حبل الله) کە بۆی نـاردوون و ، وە کردوویەتی بە هۆیەك و واسیتەیەك لە نێوان خـۆی و بەنـدەکانیدا ، کـە بریتـیـە لـە ئـاینی ئیـسلام و قورئانی پیرۆز . وە کۆبوونـەوەو یـەکگرتن لەسـەری و جیـاوازو بـەش نـەبوون تـێیدا ، وە بـەردەوام بوون لەسەری هەتا مردن .

## سەلەفیەت و کاری نهێنی

**(العمل السرّي):**

بانگەوازی سەلەفیەت کاری نهێنی نی‌یە ، بەڵکو بانگەوازێکی ئاشکرایە لەسەر زەوی لە ڕۆژی ڕووناکدا، هەروەها کۆبونەوە و پلان دانان لە شوێنە نهێنی‌یەکاندا پیشەی ئەوان نی‌یە ، هەروەها بانگەوازێکە بۆ هەموو خەڵکی بۆ ئەوەی لە ژێر ڕێنومای یەکانی قورئان وسوننەتدا بژین بە تێگەیشتنی پێشینەی چاك **(السلف الصالح)** ، ناونیشانیان مزگەوتەکانە ، وانەو دەرس ووتنەوەیان لە مزگەوتەکاندا لەپێش چاوی خەڵکی‌یەو بۆ هەموانە، وە گومانی تێدانی‌یە هەموومان لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا دەژین با هەندێك خراپەو

تاوانیشی تێدا بێت چونکە ئەوە لە چوارچێوەی ئیسلام نایکاتە دەرەوە ، هەتا بڵێین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ژیانی موسوڵمانان لە مەککە کە زۆربەی خەڵك بێباوەڕو هاوەڵ پەیداکەر بوون ، چونکە هەر ئەو ڕێك خراوە نهێنیانە بوو ، کەبوونە هۆی هاتنی بەڵاو ناڕەحەتی بۆ سەرمان و وای کرد کە ئەو بۆشای یەی لەنێوان دەسەڵات داران و بانگەواز کاران و چاکە خوازاندا هەبوو فراوان تر بێت و بووە هەلێك لەبەردەم خەڵکانی لادەرو گێرەشێوێن بۆ ئەوەی نزیك ببنەوە لەخاوەن دەسەڵات و بگەن بەخۆزگەو مەرامەکانیان ، بەڵکو هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی حوکمەتەکان و پیاوانی ئاسایش تەماشای بانگەوازکاران بکەن بە تێڕوانینێکی ترس و

ئاگاداری‌یەوە نەوەك لە دژی حوکمەت هەڵ بگەڕێنەوە (إنقلاب) .

***عەبدوڵڵای کوڕی عومەر*** (ڕەزای خوایان لێبێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: {پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئامۆژگاریم بکە؟ فەرمووی: خوا بپەرستەو هاوەڵی بۆ پەیدا مەکەو نوێژەکانت بەردەوام ئەنجام بدەو... هەمیشە پەیوەست بە بە ئاشکرای یەوەو دووربە لەنهێنی} رواه إبن أبي عاصم في السنة بإسناد جيد (1104) .

وە ***عومەری کوڕی عەبدول عەزیز*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: {ئەگەر کۆمەڵێکت بینی لە خەڵك خەریکی چپەچپ و قسەکردن بوون لەنێوانی خۆیاندا دەربارەی ئاینەکەیان لە بابەتێکدا وە بەئاشکرا لەناو

خـەڵکیدا باسـیان نـەدەکرد ، بزانـە ئەوانـە خـەریکی بونیات نانی گومڕاین} . رواه الإمام أحمد في الزهد .

## سەلەفیەت و پە یمان دان

**(البيعة):**

دەربـــارەی پـــەیمان دان ئایـــەت و فـــەرموودەی زۆر هاتووە ، بەڵام ئەوەی کە زانایان لە سەری ڕێکەوتوون ئەوەیـە کـە ئـەو پەیمانـەی کـە ئامـاژەی پـێکـراوە بریتیـیە لە پـەیمانی کۆکـەرەوە (**البيعـة الجامعـة**) وە ئەو پەیمانەش بۆ هیچ کەس نابێت تەنها بـۆ پێـشەوای موسـولمانانە ، کەدەسـەڵات و توانـای هەیـە لەسـەر زەویدا ، وە هـــەڵ دەســـێت بـــە دامەزرانـــدنی جێنـشینایەتی ئیـسلامی (**الخلافـة الإسـلامية**) لەسـەر هەمان ڕێبازی پێغەمبەرایەتی پیرۆز ، وە ئەم کـارەش

ڕوودەدات لە دوای ڕاپرسی کردنی هەموو موسولمانان و هەڵبژاردنی خەڵکانی شایستە لە خاوەن بیرو کەسانی شارەزا . بەڵام ئەو پەیمان و قەواڵانەی کە لە گەنجان وەردەگیرێت هیچی دروست نیە .

***پێشەوا القرطبي*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: {دانانی دوو پێشەوا یان سیان لە یەك سەردەم داو لە وڵاتێکدا دروست نیە بەتێکڕا (**الإجماع**)} . وە ئەوەی ئاشکرایە ئێستا هەموو کۆمەڵێك پێشەوایەکی هەیە ئیتر مەپرسە لە زۆری ئەو کۆمەڵانەو لە زۆری ئەو پێشەوایانە .

## سەلەفیەت و کاری بەکۆمەڵ

**(العمل الجماعي):**

سەلەفیەکان لە بانگهێشتانی کاری بەکۆمەڵن بە تێڕوانینە شەرعیەکەی ، بەڵام کاری بەکۆمەڵی حزبایەتی ڕەت دەکەنەوە بەکورتی و بەتێروتەسەلی ، چونکە ڕوانگەو تێ گەیشتنی شەرعی بۆ کاری بەکۆمەڵ بریتی یە لە هاوکاری کردن لەسەر خێرو چاکە، وە هیچ نارەحەتی یەکی تێدانیە ئەگەر کۆمەڵێك هەستن بە تایبەت مەندبوون لە بابەتی یەکتاپەرستی و بانگەوازی بۆ بکەن هەروەها کۆمەڵێکیتر لە فەرموودەدا و سێیەم لە شارەزای بوون لە حوکمە شەرعییەکان **(الفقه)** وە چوارەم لە تەفسیردا... ، وە هەمویان بانگەواز بکەن بۆ ئەو کارەی تایبەت مەندبوون تێیدا ، بەڵام بە مەرجێك ئەویش ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵانە لەژێر سایەو

دەســەڵاتی یــەك پێــشەوادابن ئەگــەر هــەبوو ، وە هــەموویان لەســەر بیروبــاوەڕێكی پــاك و ڕاســت بــن و لەســەر پێــڕەو ڕێبــازێكی ســاغ وســەلامەت بــن ، كــە ئــەویش بیروبــاوەڕ و پێــڕەوی پێــشینەی چــاكە . ئــەو مەرجانەی باسمان كـرد چـەند پایەیـەكن لـە پایـەكانی ئیش كردن لـە ئیـسلامدا ، وە هـەموو هـەوڵ و تەقـەلا دانێـك بـۆ بەدەسـت هێنـانی دەسـەڵاتێكی شـەرعی و جێگیربوون لەسەر زەوی بـەهۆی كـاری بەكۆمەڵـەوە ، ڕێ نادرێــت چاوپۆشــی بكرێــت لــەو مەرجانــەی كــە باسمان كرد تێیدا.

## سەلەفیەت و تێكۆشان لە پێناوی خوادا

**(الجهاد في سبيل الله):**

لە بنچینە سەرەکی‌یەکانی بانگەوازی سەلەفی ئەوەیە کە تێکۆشان بەردەوامە هەتا ڕۆژی دوای لەگەڵ **فەرمان ڕەوایان** چاکەخوازبوون یان خراپە کار (واتە تاوانیان هەبوو) نەك بێباوەڕ .

هەر لە بەر ئەمەشە دڵ و دەروونیان شەیدای تێکۆشانە و دڵەکانیان حەز بە شەهیدبوون دەکات لە پێناوی خوای گەورە . چونکە دەزانن تێکۆشان چەندە بەرزوپیرۆزە . هەر بەهۆی تێکۆشانەوەیە ئاینی سەر زەوی هەمووی بۆ خوا دەبێت وستەم وزوڵم لادەبرێت و ڕاستی دەچەسپێنرێت ، خراپەو تاوان ناهێڵرێت ، دەسەلات بۆ موسولمانان دروست دەبێت لەسەر زەوی ، وە موسولمانان سەربەرز دەبن و پارێزراو دەبن ، وە زەلیلی و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی

ئیسلام دەبێت و ئازارو زوڵمی بێباوەڕان نامێنێت و ترس پەیدادەکەن ، هەروەها تاقیکردنەوەی تێدایە بۆ جیاکردنەوەو پاکتاوکردنی چاك و خراپ . بەلاَم پێویستە هۆکارەکانی بگیرێتەبەر هەروەها جێبەجێ کردنی مەرجەکانی و شارەزای بوون لە ئەحکامەکانی و پێویستە هەست وسۆز و حەماسەت زاڵ نەبێت بەسەرمانداو بەرەو هیچ ئاکارێکمان نەبات ، هەروەك چۆن موسولمانانی بەرەو کەنگەلاَن برد .

***إبن القيم*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت:

{سوێند بە خوا دوژمن هیچ کات ناتوانێت زەفەرت پێ بەرێت مەگەر کاتێك کە دۆستانت وازت لێبهێنن و دەورت چۆڵ بکەن وە وا گومان نەبەیت کە شەیتان سەرکەوتووەو زاڵە بەڵکو ئەو خوایەی کەدەتپارێزێت وازی لێ هێناویت و سەرکەوتوت ناکات} .

## سەلەفیەت و بڕیاردان بە شەهید بوون بۆ کەسێکی دیاری کراو

**(الحكم على شهادة أحد معين):**

دەگێڕنەوە لە ***عومەری کوڕی خەتتابەوە*** (خوالێی ڕازی بێت) لە ووتارێکیدا دەیفەرموو: {ئێوە لە جەنگەکانتاندا دەڵێن فلانە کەس شەهیدە ، وە فلانە کەس بەشەهیدی مرد ، وە لەوانەشە ووڵاخەکەی خستبێتیە خوارەوەو ملی شکاندبێت ، ئاگادارتان دەکەمەوە وامەڵێن بەڵکو بەوشێوەیە بڵێن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: {هەرکەسێك بمرێت لەپێناوی خوادا ئەوا شەهیدە ، وە هەر کەسێك بکوژرێت لە پێناوی خوادا ئەوا شەهیدە} رواه الإمام أحمد وحسنه إبن حجر في كتاب الجهاد و السير (باب77) حديث 2898 .

***العلامــة إ بــن العثــيمين*** (ڕەحمــەتی خــوای لێبێــت) دەفــەرموێت: {دروســت نــیــە بۆمــان شــایەتی بــۆ کەسێکی دیاری کراو بدەین بەوەی کە شەهیدە ، هەتا ئەگـەر بکوژرێـت بەسـتەم لێکـراوی یـان بکوژرێـت لـە کاتێکدا بەرگری لە حـەق دەکـات ، بـە دڵنییـای یـەوە دروست نیيە کە بڵێین فلاَنە کـەس شـەهیدە ، ئەگـەر وامان ووت ئەوا لەو شایەتی دانەمان لە ڕۆژی قیامەتدا بەرپرســیارین و پرســیارمان لێدەکرێــت دەربــارەی ، دڵنیابە لەڕوژی دوایدا پێت دەوترێت: ئایا ئەوەنـدەت زانیاری هەبوو هەتا بزانـی کـە ئـەو کەسـە بەشـەهیدی کــوژراوە ، هــەر بۆیــە پێغەمبــەر (ﷺ) دەفــەرموێت: (هیچ بریندارێك نـیـە کـە برینـدار بکرێـت لـە پێنـاوی خــوای گــەورە (وە هــەر خــوا خــۆی دەزانێــت کــێ لەپێناوی ئەودا بریندارکراوە) ئـیللا لـە ڕۆژی دوای دا

دێت و برینەکەی خوێنی لێدێت ڕەنگەکەی سورە وەك ڕەنگی خوێن و بۆنەکەشی بۆنی میسکە)} رواه البخاری (5533). جوان دیقەت بدە لە بڕگەی (هەر خوا خۆی دەزانێت کێ لەپێناوی ئەودا بریندارکراوە).

_إبن حجر_ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: {لەبەر ئەوەی شایەتیدان دەربارەی کارێك نابێت بدرێت هەتا زانیاری تەواو دەربارەی ئەو کارە نەبێت ، وە مەرجی ئەوەی کە مرۆڤ شەهیدە ئەوەیە کە ئەو کەسە بجەنگێت بۆ ئەوەی ووشەی (**لا إلە إلاّ الله**) بەرزو بڵندبێت ، وە ئەم مەبەستەش شاراوەیەو لە دڵدایە . وەهیچ ڕێگایەك نیە بۆزانینی} .

کەواتە چاکتر وایە کە هەڵاوێژتنێك بخرێتە ناو ئەو شایەتیدانەوە ، وەك ئەوەی بڵێین (ئەگەر خوای

گەورە ویستی لەسەر بێت شەهیدە یان لەلای خوا بەشەهیدی دادەنێین).

## سەلەفیەت و کاری ڕامیاری

(العمل السّياسي):

سەلەفی یەکان لەگەڵ سیاسەتی شەرعیدان کە بەمانای شارەزای بوون دێت لە کاروبار و بەڕێوەبردنی وولآتداو ، هەروەها زانینی مافەکانی سەرپەرشتیارو سەرپەرشت کراو ، وە هەڵسەنگاندنی ڕاستی یەکان بەپێوەرە شەرعی یەکان ، کەواتە سیاسەتی شەرعی بریتی یە لە چاو دێری کردنی کاروباری ئوممەتی ئیسلام بەو شێوەی کە دژوار نابێت لەگەڵ قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) . وە گرنگترین کاری یەکەمی لە سیاسەتی شەرعیدا بریتی یە لە

باسەکانی یەکتاپەرستی و ئیمان ، چونکە بیروباوەڕ یەکەم پێویستی ژیان و کۆتا پێویستی‌یە . ئەمەی کە باسمان کرد بریتی‌یە لە سیاسەتی شەرعی بەواتا ئیسلامەتی‌یەکەی کەپاك و پوختەو هەڵدەستێت بەسەرپەرشتی کردنی کاروباری ئوممەت و پەروەردەی دەکات ، بەڵام ئەو سیاسەتە هاوچەرخەی کە بەواتای دەسەڵات پەیداکردن و شارەزای بوون دێت لە فرۆفێڵ و پێچ و پەنا لەباس و تەوەرەکانداو درۆو دەلەسەو پەیمان و بەڵێن شکاندن ، کە ئەمانە هەمووی لە دووڕوویی‌یەوە نزیکەو دەبێتە هۆی سڕینەوەی بیروباوەڕو لەناوبردنی هەست وسۆزی ئیمانی و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی و ڕایەڵەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی (**الولاء والبرا**) و تێك چوونی باری موسوڵمانان . ئەم جۆرە سیاسەتەیە کە

سەلەفی‌یەکان ئینکاری دەکەن و خەڵکی لێ ئاگاداردەکەنەوە هەروەها حاشا و بەری بوونی خۆیانی لێدەکەن لە لای خوای پەروەردگار لە خراپەو شەڕەنگێزی ئەم جۆرە سیاسەتە چونکە پۆستەو هەنگاونانە بەرەو فێڵ و تەڵەکەو پەیژەیە بۆ ئەوانەی کە خواپەرستی یەکەیان لەسەر پەتە[8] .

## سەلەفیەت وخۆپیشان دان و دزەکوژی

خۆپیشان دان (**المظاهرات**) و دزەکوژی (**الإغتيال**) بە هیچ شێوەیەك لە ژێر خانەی ئاینی ئیسلامدا ، جێیان نابێتەوە و پەیوەندیان بە ئاینی ئیسلامەوە نیە .

---

(8) واتە: لەکاتی خۆشیدا خوادەپەرستن و لە کاتی ناخۆشیدا پشت لە خوای خۆیان دەکەن .

بــەڵکو ئــەم جۆرەکارانــە کاروپیــشەی وڵاتــە بێباوەڕەکانە و موسوڵمانان لەوانەوە وەریان گرتووە، زیاد لەوەش هەڵدەسن بە گرتێبەردانی تایەی سەیارە لەسەر ڕێگاوبانەکان(9) . کە دەبێتە هۆی نەخۆشی و وێران کردنی دامەزراوە زانستی و ئابوری و شوێنە گشتی یەکان ، وە خۆپیشان دان سەرەتایەکە بۆ دەرچوون و یاخی بوون لە دەسەڵات داران کە خوێن ڕشتنی لێ کەوتەوەو ئابڕوچونی بە دوادا هات ، وە سوننەت و ئەهلەکەی ژێر دەستەبوون و پەک خستنی ڕۆڵی مزگەوتەکانی لێ کەوتەوە لە ڕووی فێرکردن و چاکسازی ، هەتا مزگەوتەکان بووە لانەی ئەو کەسانەی بانگەواز بۆ خۆپیشاندان و دزەکوژی

(9) بەداخەوە ئێستا ئەم جۆرەکارانە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامی یەکان دەبینین کە ئیسلام ڕێگەی پێ نادات .

دەکەن، وە سەرەکی ترین هۆی دروست بوونی ئەم کارانە ووروژاندنی سیاسی یە .هەروەها چەند دەستێکی شاراوە هەیە لەپشتی ئەم کارانە لەناوخۆو دەرەوەی وولات کە هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کارانە هەتا کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو خراپە بەرن ، سەلەفی یەکان نکۆڵی ئەو ڕێبازو پرۆگرامە هەڵگەڕانەوەیانە دەکەن کە خەریکی بەرپاکردنی شۆڕشێکن کە سووتەمەنی یەکەی موسوڵمانانە و بانگەوازی ئیسلامی بەهۆیەوە چەندەها ساڵ دوادەکەوێت ، لەگەڵ ئەمانە هەمووی سەلەفی یەکان ئینکاری ئەو کەسانە ناکەن کە هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن بەڵکو سەرزەنشتی ئەوان بۆ ئەو شێوازانەیە کە دەیگرنە بەر لە هەوڵ دان بۆ گۆڕان کاری ، کە ئەو شێوازانە هیچ سودێکی نی یە بۆ خەڵك

وکارەکانی پێ ئـەنجام نادرێـت بـە تایبـەت خۆپیـشان دان و دزەکوژی .

## سەلەفیەت و فەرمان ڕەوای کردن بەیاساو دەستورێك جیاواز لەوەی کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوار

**(الحكم بغير ماأنزل الله):**

فەرمان کردن بە یاساو دەستوری خوای گەورە واجبـە لـە سـەر هـەموو تـاکێکی موسـولمان هـەروەك چـۆن واجبـە لەسـەر دەسـەلات داری موسـولمان کـە خـوای گەورە کردوویەتی بە لێپرسراو بەسـەر ئـەم ئوممەتـە موسـولمانەوە ئـەویش بـەوەی فـەرمان بکـات لـە نێوانیاندا بەو شەرعەی خـوا لـە هـەموو کاروبارەکـانی ژیانیاندا ، بە گەورە و بچوکی‌یـەوە ، وە هەرکەسـێك واگومان بەرێت کە ئەو ئایەتانەی لـە قورئانـدا هـاتووە

دەربارەی فەرمان کردن بە بەرنامەی خوا ، تایبەتەبە دەسـەڵات داران بەتـەنها ، ئـەوە بـە دڵنیـایـیـەوە کەوتووەتـە هەڵـەوە چـونکە ئـەو ئایەتانـە گـشتیـیـەو هـەموو لایـەك دەگرێتـەوە ، فـەرمان ڕەواو خـەڵکانی تریش ، وە ئەوانەی هەوڵ دەدەن بۆ جێبەجێ کردنـی حـوکمی خـوا بەسـەر دەسـەڵات دارانـدا و جێبـەجێ نەکردنی بەسـەر خـەڵکیدا ، ئـەویش لـە ڕێگـای هێـزو توانا و چەك و توندوتیژی ئـەوا بـەدڵنیایـیـەوە خۆیـان دەخەڵەتێنن وە خەڵکانی تریش دەخەڵەتێنن ، چونکە جێگیربـوونی بیروبـاوەڕی پـاك لـەناو دڵ و دەروونـی خـەڵکیدا سـەرەکی تـرین کـارەو بـە دوایدا تەواوکـەرەکانی دێـت کـە بەشـێك لـەو تـەواو کەرانـە بریتیـیـە لـە فـەرمان کـردن بـە بەرنامـەی خـوای پەروەردگار لە لایـەن دەسـەڵات دارانـەوە . بـەڵام زۆر

بەداخەوە لێرەو لەویٚ هەندێك لە گەنجانی كەم تەمـەن و هەرزەكار هەن كە پەلە دەكـەن لـە بڕیـاردان بەسـەر دەسەلاٌت داراندا بەوەی كە بێبـاوەڕن ، بـەبیٚ ئـەوەی گـویٚ بدەنـە ئـەو جیاكەرەوانـەی كـە زانایـان باسـیان كردووە دەربارەی فەرمان ڕەوا .

***شـیخ الإسـلام إبـن تیمیـة*** (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) دەفەرموێت: {مرۆڤــ هەركاتێك شتێك حەلاٌلٚ بكات كە بەتێكڕای زانایانی ئیسلام حەرامە یاخو دشتێك حـەرام بكـات كـە بـەتێكڕای زانایـانی ئیـسلام حەلاٌلـە یـاخود یاساو دەستورێكی شەرعی بگۆڕێت بە شتێكی تـر كـە زانایان كۆدەنگن لەسـەر ئـەو یاسـاو دەسـتورە ، ئـەوا ئەو مرۆڤە پیٚی كافر دەبێـت و بـە هەڵگـەڕاوە حـساب دەكرێت لە ئیسلام بەڕای هەموو شارەزایانی ئیـسلام ، وە لــە هاوشــێوەی ئــەم جــۆرە كەســانە دا ئــەم

فەرموودەی خوای گەورە دابەزی بەپێی ڕای یەکێك لەدوو بۆچوونی زانایان} . الفتاوی (3\267) .

{**وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ**} المائدة (44) .

هەر کەسێك حوکم بەو بەرنامەیە نەکات کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوارەوە ، کە حەق و ئاشکرایە و حوکم بە بەرنامەیەکی پڕوپوچ و بەتاڵ بکات کە ئەزانێت ئەوەی لە سەریەتی بەتاڵە ، بەڵام بەهۆی مەبەستێك لە مەبەستە گڵاوەکانی حوکم بە بەرنامەی خواناکات ، **(فأولئك هم الکافرون)** ئەوا ئەو جۆرە کەسانە بێ-باوەڕن چونکە حوکم کردن بە غەیری بەرنامەی خوا یەکێکە لە کاروپیشەی بێباوەڕان ، وە لەوانەیە ئەو کوفرە لە چوارچێوەی ئیسلام بیباتە دەرەوە ئەگەر باوەڕی وابێت ئەو کارەی حەڵاڵەو دروستە . وە

لەوانەشە ئەو کارەی یەکێك بێت لە تاوانە گەورەکان و لەو کردارانەی کە حسابی کوفری بۆ دەکرێت و خاوەنەکەی شایستەی سزای سەخت دەبێت . کەواتە ئەم ئایەتە دەرباری ئەوانەیە کە پێڕەوی نەکردنی یاساو دەستوری خوا بەحەڵاڵ ودروست دەزانن .

***إبن القیم*** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت:

{ئەوەی کە ڕاستەقینەو تەواوە ئەوەیە حوکم کردن بەغەیری ئەو بەرنامەیەی کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوارەوە دووجۆر کوفر دەگرێتەوە: کوفری بچوك و [10] کوفری گەورە [11] بەپێی حاڵەتی

---

[10] کوفری بچوك: بریتی‌یە لە وەی کە خاوەنەکەی لە چوارچێوەی ئیسلام ناچێتە دەرەوە ، وەکو کوفری نیعمەت و کوفرێك کە تایبەت بێت بەکردەوەوە و خاوەنەکەی بەحەڵاڵی نەزانێت .

[11] کوفری گەورە: بریتی‌یە لەوەی کە خاوەنەکەی لە چوارچێوەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە و ئەویش وەکو کوفری بیرەباوەڕ ی وەك بەدرۆزانینی قورئان و سوننەت یان

ئەو کەسەی کە حوکم دەکات ، ئەگەر ئەو کەسەی کە حوکم بە غەیری بەرنامەی خوا دەکات لە بیرو باوەڕیدا وابێت کە پێویستە کار بە بەرنامەی خوا بکرێت لە ڕووداوەکاندا ، بەڵام پاشگەز بوویەوەو سەرپێچی کرد لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێت کە شایستەی سزایە لەسەر ئەو کارەی ئەوا کارەکەی دەچێتە ژێر خانەی کوفری بچووکەوە ، بەڵام ئەگەر لە بیروباوەڕیدا وابوو کە حوکم کردن بە بەرنامەی خوا پێویست نییە و ، هەڵبژاردن لەدەست خۆی دایەتی بەکامیان حوکم دەکات ، وەزانی حوکمی خوا کامەیە و لە لای ئاشکرا بوو ئەوا ئەو کەسە کارەکەی دەچێتە ژێر خانەی کوفری گەورەوە ، وە ئەگەر بە نەزانی ئەو

---

هەندێکی هەروەها کوفری خۆبەگەورەزانین و وەرنەگرتنی حەق وڕق لێبونی هەروەها گومان کردن لە ڕۆژی دوای...هتد .

کـارەی کـرد یـان بەهەڵـە ، ئـەوا ئەوکەسـە هەڵەیـەو حوکمی ئەو کەسانەی هەیـە کـە کەوتونەتـە هەڵـەوە ، واتە پێی کافر نابێت} . مدارج السالكين(336-337)

واخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

پێداچونەوەی
مامۆستا عبدالكريم محمد قادر
پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی(الإيمان) .
سلێمانی 10 شوّال 1426هـ

## پێڕستی بابەتەکان

**بابەت** **ژمارەی لاپەڕە**

📖 پێشەکی نووسەر.........................................(3)
📖 پێناسەی سەلەفیەت...............................(8)
📖 لایەن گیری وخۆدانەپاڵ ڕێبازی پێشین............(12)

🕮 سەلەفیەت و زانست و زانایانی ئیسلام.............(14)
🕮 سەلەفیەت و فەتوادان...........................(17)
🕮 سەلەفیەت وکۆشش کردن.........................(18)
🕮 سەلەفیەت و لاسای کردنەوە......................(19)
🕮 سەلەفیەت و ڕەوشتە بەرزەکان....................(21)
🕮 سەلەفیەت و ئەو هەواڵانەی کەبڵا و دەبێتەوە.......(23)
🕮 سەلەفیەت وحوکم دان بەبێ باوەڕی...............(25)
🕮 سەلەفیەت و فەرمان ڕەوا..........................(27)
🕮 سەلەفیەت و دۆستایەتی و دوژمنایەتی.............(31)
🕮 سەلەفیەت و کارە داهێنراوەکان...................(36)
🕮 سەلەفیەت وحزبایەتی..............................(40)
🕮 سەلەفیەت و کاری نهێنی...........................(48)
🕮 سەلەفیەت و پەیمان دان...........................(51)
🕮 سەلەفیەت و کاری بەکۆمەڵ.......................(53)
🕮 سەلەفیەت و تێکۆشان لەپێناوی خوادا.............(55)
🕮 سەلەفیەت و بڕیاردان بە شەهید بوون..............(57)
🕮 سەلەفیەت و کاری ڕامیاری........................(60)

📖 سەلەفیەت وخۆپیشان دان و دزەکوژی.............(63)
📖 سەلەفیەت و فەرمان ڕەوای کردن بەیاسا............(65)
📖 پێڕستی بابەتەکان................................(72)

لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
بەردەوام بە لەگەڵمان بۆ نوێ بوونەی ئیمان
Imanonekurd@yahoo.com